# ئازادی بۆ کاك کەمالی سەید قادر

lfaraidun_73@hotmail.com

فەرەیدون حەمەڕەشید   سویسرا

ئەوەندەی فووبەجووقی  دیموکرسی وئازادی بۆدەسەلات دەکریت ،ئەبیت بەچارەکیکی ئەوبانگەشەدرۆزنانە دەسەلات گویگربیت لەهاتنی قەلەمی نووسەران و ڕۆژنامەنووسی، بوێرو ڕەخنەکانیان ،لە پێشێلکاری

دیموکراسی و ئازادی دوێنێ دا عیبرەت وەربگریت لەبەحەتمی بوونی گۆڕانەکان بگات،ولیرەدا ناگەڕیمەوە بۆباباسکردنی پێشێلی سیاسی ودیموکراسی   لەمێژووی دوێنێ دا،ئەوەی زیاترمەبەستی ووتارەکەیە گرتن و فڕاندنی کاك کەمال سەیدقادرە لەسەرئازادی و ڕادەربڕینی بۆچوونەکانی لەدەسەلات هەرچەندە من لەگەلْ ووتاری تەشهیرو شەخسیدانیم کەهەرنووسەرورۆژنامەنووسێك بیکات ،بەلام ئەوەندەی ڕوناکبیران وخەلکی کوردستان ئاگاداری نووسین وهەولەکانی کاك کەمالی سەیدقادربێت ویستویەتی بەشێوەیەکی ئەکادیمیستی پرس وکێشەکانی خەلکی کوردستان شەنوکەوبکات وگەندەلی سیاسی وئابووری سیکاندالکردوە دزینی سەروەت وسامانی کوردستانی بەخیانەتی نەتەوەی ناوبردووەباس وکێشەی ئەوفایلدارانەی وروژان وسکاندالْ کردووە کەلەناوجەرگەی خەبات وپشتی  پێشمەرگەوەکاری نامەگۆڕینەوەومخابەراتیان بۆدەزگاکانی بەعس کردووە،لەپشتی جەماوەروە بووبونە تابوری  پێنج و زەربەیان لەشۆڕش و بزووتنەوەی ئازادیخوازی کوردی ئەدا،دکتۆرکەمال ئەگەر نووسین و قسەلۆکێکی یشی بۆکەسایەتی و بنەمالەسیاسیە    کانی کوردستان هەبوبێت بێ لەوەی وەك نووسەرێك ئازدەلەڕادەربڕینی خۆی بەلام دەسەلاتیش ئەوەندەی باس لەدیموکراسی وگۆڕانەکان دەکات دەبێت

تەحەمولی ووتارەڕەخنەئامێزەکان بگرێت،ئەگەریش نا بالەرێگەی دادگایکردنی ڕاستەوخۆ ئاشکرا مامەلەلەگەلْ د.کەمال دا بکرێت  ئەمڕۆلەسایەی دەستکەوت وپێشڕەوی یەکانی تەکنەلۆجیا خەلکی کوردستان گوورج وخێرا بەگەندەلی وسەرکوت وپێشێلی ئازادی ومافەکانیان درکدەکەن ونارەزایەتی

وپشتیوانی بۆبەرێدەخەن،لەنمونەی ئەوکەمپینەگەورەوبەرفراوانەی بۆ دکتۆربەرێوەیە  ئەمڕۆکوردستان بەهەلومەرجێکی هەستیارو چارنووس سازدا تێپەڕدەبێت لەئاستی نێونەتەوەی دا بەسەنگێکی زۆر جیاواز لە ڕابردوو لەهاوکێشەسیاسی یە کاندایە باشتروایە دەسەلات لەکودستان یان ڕوونتر

بلێین پارتی دیموکراتی کوردستان کەبەپێ بلاوکراوەرۆژنامەوانیەکان و بنەمالەی کاك کەمالی سەیدقادر لایەنی سەرەکی کێشەکەیە هەلوێستی خۆی بەئازدکردنی کاك د.کەمال ڕوون وئاشکرابکات چیدی ئەم کێشەیە نەبێتەفاکتەری لەوەزیاتری پەرتبوونی یەکریزی نەتەوەیی ودابڕانی شەقامی کوردی ،بۆیە منیش دەنگم لە پالْ ڕۆژنامەنووسان  و نووسەران و تەواوی ئازادیخوازان وئەوکەمپینەمەزنەدایە بۆهەرچی خێرا ئازادکردنی کاك دکتۆر کەمالی سەیدقادر